# تەفسيرى ئايەتى: فَلا رَفَثَ وَلا فُسُوقَ وَلا جِدَالَ فِي الْحَجِّ

[ كردي – كوردی – kurdish ]


## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد

**وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# تفسير قوله تعالى: {فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في الحج}

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# تەفسیری ئایەتی: فَلا رَفَثَ وَلا فُسُوقَ وَلا جِدَالَ فِي الْحَجِّ

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : ئـایا مانـا و تـەفسیری ئـەم ئـایـەتـە چیـە کـە خوای گـەورە دەفـەرمویێت : ﴿ الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلا رَفَثَ وَلا فُسُوقَ وَلا جِدَالَ فِي الْحَجِّ ﴾ [ البقرة : ١٩٧ ] .

**وەڵام** : سوپاس وستـایش بۆ خوای گـەورە ومیهرەبـان وردود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤـایـەتـی محمدی پێغـەمبـەری ئـیسلام و ئـاڵ وبـەیت و هاوەڵ وشوێنکـەوتوانـی هـەتـا هـەتـایـە.

ئـەم ئـایـەتـە پیرۆزە چـەند حوکمێکـی تـایبـەت بـە حـەجـی لـەخۆ گرتووە:

کـە خوای گـەورە دەفـەرمویێت: ﴿ الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ ﴾ واتـا : ئـەو مانگانـەی کـە دروستـە ئـیحرامی بـە نیـەتـی حـەجکردنـی لـێ بهێنرێت

و حەجی تێدا تەواو بە ئەنجام بگەیەنرێت، بریتین لە مانگەکانی ( شەوال و ذو القعدة و دە ڕۆرژی یەکەمی مانگی ذی الحجة ) یە، هەندێك لە زانایانیش ووتویانە : مانگی ذي الحجة هەمووی بریتیە لە مانگی ئەنجام دانی حەج کردن، بەو واتایەی دەبێت  لە یەکەم ڕۆژی مانگی ذي الحجة تاوەکو ڕۆژی عەرەفە ئیحرامی بەستبێت، ئەگەر ئەمەی کرد ئەوا پاش ئەنجامدانی کارەکانی یەکەم ڕۆژ و دووەم ڕۆژ وسێهەم ڕۆژی جەژنی قوربان، ئەگەر هەندێك کاری وەك تەوافی ئیفاضە و هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە وتەوافی ماڵ ئاوایی ئەنجام نەدابوو، دەتوانێت تاوەکو کۆتا ڕۆژی مانگی ذي الحجة ئەنجامیان بدات .

وەکاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ ﴾واتا :

هەرکەسێك نیەتی ئیحرامی بە حەج هێنا ئەوا واجبە لەسەری ئەرکان و واجبەکانی حەج کردن تەواو بکات و دەستیان لێ هەڵنەگرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە

دەفەرمویّت : ﴿ وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ ﴾ واتا : حەج و عومرە بۆ خوای گەورە بە تەواوی ئەنجام بدەن.

لەبەشێکی تری ئایەتەکەدا فەرموویەتی:﴿ فَلا رَفَثَ وَلا فُسُوقَ وَلا جِدَالَ فِي الْحَجِّ ﴾ واتا : هەرکاتێك نیەتی ئیحرامی بەحەج کردن هێنا واجبە زۆر ئاگای لە ئەرکان و واجبەکانی حەجەکەی بێت و بە قسەی نابەجێ و کارو کردەوەی ناپەسەند بەتاڵی نەکاتەوە، وخۆی بپارێزێت لەهەر جۆرە گوفتار وکردارێك کە ببێت بە مایەی کەمکردنەوەی پاداشتەکەی.

مەبەست لە ووشەی ( الرفث ) سەرجێی کردنە لەگەڵ خێزان و هەموو ئەو کار و گوفتارانەی کە پێشەکین بۆ سەرجێی کردن، وەك ماچ کردن وهەندێك ووشەی ڕۆمانسی و هاوشێوەکانی پەیوەسیت بە سەرجێی کردن کە شەهوەت و زەوقی پیاو بجوڵێنێت بۆ ئەوکارە، هەروەها ووشەی ( الرفث ) بە مانای ووشەی خراپ وگوناهو ناپەسەندیش هاتووە، مەبەستیش لە

ووشەی ( الفسوق ) ئازاردانی دایك وباوك وبچڕاندنی صیلەی ڕەحم وسوودو ماڵی هەتیو خواردن و غەیبەت و دووزمانی کردن وهاوشێوەکانی دەگرێتەوە، قەدەغەکراوەکانی ناو ئیحرامیش دیسان بەشێکن لە مانای ووشەی ( الفسوق ).

ووشەی (الجدال) بە مانای: دەمەقاڵێ وناکۆکی دێت لەسەر ناهەقی و کارێکی ناڕەوا، لەبەر ئەوە دروست نییە ئەو کەسەی ئیحرامی بەستووە بە حەج یان بە عومرە یان بەهەردووکیان کە دەمەقاڵی ناهەق بکات لەسەر شتی ناڕەوا وبێ سوود، بەڵام گفتوگۆ و موناقەشە کردنێکی باش و چاك بۆ ڕوونکردنەوەی هەق وڕاستی کارێکە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ [ النحل : ١٢٥ ] . واتا : ئەی محمد خەڵکی بانگ بکە بۆ سەر ڕێگای پەروەردگارت، بە حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری چاك، هەروەها گفتوگۆیان لەگەڵدا بەکە بە جوانترین شێوە.

ئەم شتانە ( قسە و گوفتاری نابەجێ و گوناهو و تاوان و دەمەقاڵێ کردن لەسەر شتی ناڕەوا ) هەرچەند لەهەموو کات وسات و جێگایەك كارێكی ڕێگا پێدراو نییە و خوای گەورە یاساغی کردووە، بەڵام لەکاتی حەج کردندا خوای گەورە ومیهرەبان زیاتر جەختی لەسەر کردوەتەوە، چونکە یەکێك لەمەبەستەکانی حەج کردن زەلیلی نواندن و خۆشکاندنە لەبەردەم ذاتی هەق تەعالا وخۆنزیك کردنەوەیە لەو ذاتە بەرزوبڵندە بە طاعە و عبادەت و خواناسی لەو وەرزەدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە خراپە و تاوان و گوناهـ ، چونکە بەم شێوەیە حەجی حاجیان ئەو حەجە دەبێت کە پێغەمبەری خودا ( صلی اللە علیە وسلم ) بە حەجێکی ( مبرور = پاکوخاوێن ) و سڕەرەوەی گوناهەکان ناوی بردووە، دیارە حەجی پاکوخاوێنیش هێندە گەورەیە پاداشتەکەی لای خوای گەورە تەنها بەخشینی بەهەشتە بە بەندە ڕاست ودروستەکانی .

لەخوای گەورە داواکارین  یارمەتیمان بدات لەسەر یاد وذیکر و عیبادەتی ذاتی هەق تەعالای خۆی.

خوای گەورەش زاناترە ..

بۆ زیاتر زانیاری سەرنجی : فتح الباریء (ج٣/٣٨٢) و تەفسیری سەعدی لاپەڕە ١٢٥، وفەتواکانی شێخ عبدالعزیز بن باز (ج١٧/١٤٤) بدە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .